تەنانەت زۆر لە مەدریدییەکانیش لەو ڕەفتارەیان نیگەرانن..

# هەوادارانی ڕۆناڵدۆ سووکایەتی بە کرۆیڤ دەکەن



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

هەندێک لە هەوادارانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی گاڵتە بە لێدوانێکی پێشووتری یۆهان کرۆیڤی ئەفسانەی کۆچکردووی هۆڵەندا دەکەن و خەڵکێکی زۆر لە سەرانسەری جیهان لەخۆیان تووڕە دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی هەموو جیهان، بە مەدریدییەکانیشەوە خەمباری خۆیان بۆ مردنی یۆهان کرۆیڤی ئەفسانەی تۆپی پێی هۆڵەندا و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی ڕاگەیاندو خودی سەرۆکی ڕیال مەدریدیش ئامادەی ڕێورەسمی پرسەکەی بوو لە بارسێلۆنا، بەڵام هەندێک لە هاندەرانی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، بە جۆرێک لە جۆرەکان گاڵتەیان بە کرۆیڤ کردو زۆر لە هەوادارانی تۆپی پێی جیهانیان تووڕە کرد. وادیارە ئەو هاندەرانەی ڕۆناڵدۆ هێشتا لێدوانێکی پێشووتری کرۆیڤیان لەبیر نەکردووە، کە سەبارەت بە ڕۆناڵدۆ دایبوو. بۆیە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە لێدوانێکی ساڵی 2011ی کرۆیڤیان بەبیری جیهان هێنایەوە، کە گوتبووی «کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە تەمەنی 28 ساڵیدا کۆتایی پێدێت و ناتوانێت لەسەر ئاستی بەرزی خۆی بەردەوام بێت». ئەوان لە کۆمێنتەکانیاندا نووسیبوویان «لێدوانەکەی کرۆیڤتان لە بیرە؟! ئەو دەیگوت ڕۆناڵدۆ لە تەمەنی 28 ساڵیدا کۆتایی پێدێت، کەچی خۆی مرد و ڕۆناڵدۆش لە تەمەنی 31 ساڵیدا بەردەوامە لەسەر تۆمارکردنی گۆڵە زۆر و جوانەکانی. کرۆیڤ مرد و ڕۆناڵدۆش هەر گۆڵکاری لیگا و چامپیۆنسلیگە».

WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (394) سێشەممە 2016/4/5 16ی نەورۆز 2716 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

بەرازیلییەکان لەوە دەترسن دۆنگا و نەیمار سەری سامبا بخۆن..

# "بەرازیل ناچێتە مۆندیال"



"ئەوەی لە 10 یاریدا 5 کارتی زەرد وەربگرێت نابێ ببێتە کاپتنی بەرازیل"

LOTTO

ڕۆژی دووشەممە 11/4/2016 تیروپشکی چلوشەشەمین لۆتۆی (ڕووداوی وەرزشی)، لە RUDAW.TV ئەنجام دەدرێت.

8

"هەموو ژیانی لیۆنێل مێسی لە (ڕووداوی وەرزشی) دەخوێنییەوە"

4



## فەیسبووک سەرۆکە کوردەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراق لادەبات

« 2

ژمارە (394) سێشەممە 2016/4/5


## بابۆ شەڕ دەکات

سەمیر بابۆ، راهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر، کە یانەکەی یەکێکە لەو 4 تیپەی گەیشتوونەتە چوارگۆشەی زێرینی خولی نایابی کوردستان، بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە تیپەکەی بەبێ مووچە و گرێبەست شەڕی بەدەستهێنانی نازناوی کوردستان دەکات و گوتی «هەر چوار یانەکەی چوارگۆشەی زێرین تیپی باشن و دەتوانن رکابەری لەسەر نازناوەکە بکەن، ئەگەرچی پێموایە هەولێر لە هەموویان نزیکترە، بەڵام ئێمەش وەک پێشمەرگەی هەولێر تیپێکی بەهێز و خاوەن پێگەی خۆمانین، شەڕی بەدەستهێنانی نازناوەکە دەکەین و لە بەدەستهێنانی نازناوەکەش نزیکین».

### لە 11 یاریدا هیچی نەدۆڕاند..

# خانزاد بە قەرز دەبێتە پاڵەوانی عێراق

## کارین کەمال: ئەگەر پاڵپشتیمان هەبێت کاری زۆر گەورە دەکەین



**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد بە (رووداوی وەرزشی)ی راگەیاند «ئێمە بە قەرز بەشداری لە پاڵەوانیەتی خولی نایابی شەترەنجی یانەکانی عێراقمان کردو توانیمان ببینە پاڵەوان، تاوەکو ئێستاش پارەکانمان پێ نەدراوەتەوە».

لە شاری بەغدادی پایتەختی عێراقی فیدراڵ، کۆمەڵێک کچ و کوڕە یاریزانانی کوردستان کێبرکێی 12 یانەی شارەکانی عێراقیان کرد لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی عێراق. ئەو تیپە کە تاکە نوێنەری کوردستان بوو، سەرەڕای قەیرانی سەختی دارایی و نەبوونی هیچ پاڵپشتیەک و خراپی بارودۆخی ئاسایشی شاری بەغداد، توانی وەک پاڵەوانی عێراق بگەڕێتەوە کوردستان.

لە بارەی بەدەستهێنانی نازناوی خولی یانەکانی عێراق، کە ئەنجامێکی گەورەیە بۆ کوردستان، دڵزار حەمە ساڵح، سەرۆکی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە سەرەڕای هەموو گرفتەکان کۆڵمان نەداو سوور بووین لەسەر بەشداریکردن، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئامانجمان بەدەستهێنانی نازناوەکە بوو. خۆشبەختانە بە ماندووبوونی هەموو لایەک، راهێنەر و سەرپەرشتیار و یاریزانان توانیمان یەکەم بین، کە بەڕاستی بردنەوەی نازناوەکە مایەی شانازی بوو بۆ هەموو لایەک».

شانازییەکە گەورەترە کاتێک دەزانی ئەو تیپە بێ هیچ پاڵپشتییەکی دارایی و بە قەرز بەشداری لە پاڵەوانیەتییەکەدا کردووە. لەو بارەوە سەرۆکی یانەی وەرزشیی خانزاد، گوتی «ئێمە لە رووی داراییەوە لەچاو یانەکانی دیکە زۆر هەژار بووین، چونکە ئەوان پارەی باشیان لەبەر دەست بوو، ئێمەش تەنانەت بە قەرز بەشداری ئەم پاڵەوانیەتییەمان کردبوو، یاریزانانی ئێمە بەبێ بەرامبەر یارییان بۆ یانەکەمان دەکرد، تەنیا بۆ بەرز راگرتنی ناوی یانەکەمان و ناوبانگی یاری شەترەنج لە کوردستان». هەروەها گوتی «ئەو پارەی بۆ پاڵەوانیەتییەکە دابینمان کرد لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە بە قەرز کۆکرابووە بۆ ئەوەی تەنیا بەشداربین، هەرچەندە بەڵێنی ئەوەمان پێدراوە کە هەندێک هاوکاری بکرێین، بەڵام تاوەکو ئێستا هاوکاری نەکراوین، تەنیا وەزیری رۆشنبیری رێزی لە یانەکەمان گرتووەو قەلغانی وەزارەتی پێداوین، جگە لەوەش بەڕێوەبەری گشتی وەرزش و لاوان پێشوازی لە ئێمە کردووە».

لەو پاڵەوانیەتییەدا یانەی خانزاد لە کۆی 11 یاری توانی 10 یاری بباتەوە، هیچ یارییەکی نەدۆڕاند، یاریزانانی یانەکەش چەند میدالیایەکیان لەسەر ئاستی تاک بەدەستهێنا، بەتایبەتی هەریەک لە کچە یاریزان، کارین کەمال، کە پاڵەوانی کچان بوو، میدالیای زێڕی بردەوە. نوح عەلی میدالیای زێڕ و حوسێن عەلی میدالیای زیو و ئەحمەد قوتیبە میدالیای زیویان بەدەستهێنا.

لەلایەن خۆیەوە، کارین کەمال کچە یاریزانی پاڵەوانی عێراق، خاوەنی میدالیای زێڕ بە (رووداوی وەرزشی) گوت «بەدەستهێنانی نازناوی خولی عێراق بۆ ئێمە ئەنجامێکی گەورە بوو، بەهیوای ئەوەین بەرپرسانی وەرزشیی زیاتر پشتی وەرزشکاران بگرن، بۆ ئەوەی ئێمەش کێبرکێ لەگەڵ یانە گەورەکانی عێراق و دەرەوەش بکەین و ئەنجام و دەستکەوتی زیاتر بۆ وەرزشی کوردستان بەدەستبێنین».

ئەو کچە یاریزانە گوتیشی «ئەگەر پاڵپشتیمان بکرێت، دەتوانین زیاتر پەرە بە تواناکانمان بدەین و تواناشمان هەیە کاری گەورەتر بکەین».





# یانەی هندرێن بەرنامەڕێژی بۆ وەرزی داهاتوو دەکات

**ئەرسەلان عەبدوڵڵا**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

سەرۆکی یانەی هندرێن، رایگەیاند لە ئێستاوە بیر لە وەرزی داهاتوو دەکەنەوە بۆ ئەوەی تیپێکی باش دروستبکەن، داواشیکرد حکومەتی کوردستان بەو توانا سنووردارەی دارایی، کە هەیەتی، ئاوڕێک لە بارودۆخی وەرزش بداتەوە.

جەمال جەلال، ناسراو بە حاکم جەمال، سەرۆکی یانەی وەرزشیی هندرێن بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند، لە ئێستاوە بیر لەوە دەکەنەوە چۆن بەرنامەڕێژی بکەن بۆ ئەوەی لە وەرزی داهاتوودا تیپێکی بەهێز و تۆکمە دروستبکەن، کە رکابەری لەسەر نازناوەکان بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا گوتی «لێتان ناشارمەوە نازانین چۆن کاربکەین، چونکە باری داراییمان خراپە و هێشتا قەرزیساڵی رابردوو و ئەمساڵیشمان لەسەرە، پارەی گرێبەستی یاریزانان قەرزارین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستەوەستان نابین و بەدوای پەیداکردنی سپۆنسەر و سەرچاوەی داهاتدا دەگەڕێین».

یانەی هندرێن، کە لە 2003 دامەزراوە، خاوەنی نازناوێکی خولی نایابی کوردستانە لە 2010 ـ 2011دا، یانەکە یاریگەیەکی نایابی خۆی هەیە، جگە لەوەی مۆڵ و سەرچاوەی دیکەی داهاتی هەیە، بەڵام سەرۆکی یانەکە دەڵێت «داهاتەکەمان زۆر کەمترە لە خەرجی و پێداویستییەکانی یانەکەمان، بۆیە ئێمە بە بەراورد بە زۆربەی یانەکانی دیکەی خولی نایاب، هەژارین و پێموایە هەژارترین یانەی خولەکەین و باوەڕناکەم کەس بارودۆخی لە ئێمە خراپتربێت».

هندرێن ئەم وەرزە لە خولی نایابی کوردستاندا بە ئاستێکی باش دەرنەکەوت و بە ئاستەم توانی لە ریزی خولەکەدا بمێنێتەوە، دوای ئەوەی لە دواپلەی کۆمەڵەی یەکەمدا هات و دواتریش دوو یاری چوون و گەڕانەوەی پاشکۆی لەگەڵ یانەی سۆلاف ئەنجامدا، کە توانی بلیتی مانەوە بەدەستبێنێت، دوای ئەوەی بە کۆی هەردوو یاری بە ئەنجامی 4 ـ 1 براوەبوو.

هندرێن بۆ چەند یارییەکی کۆتایی خۆی لە خولەکەدا، پشتی بە چەند یاریزانێکی یانەی هەولێر بەست بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی باش بکات، بۆ ئەمەش سەرۆکی یانەکە گوتی «سوپاسی ئەو یاریزانانە دەکەم کە یارمەتی تیپەکەی ئێمەیان دا، بەتایبەتی کۆسرەت بابیز و دلێر حاتەم، کە خۆبەخشانەو دڵسۆزانە یارمەتی تیپەکەیاندا بۆ مانەوە لە خولەکەدا، ئەوان رۆژگارێک یاریزانی ئێمەبوون و وەفاداری خۆیان بۆ تیپەکە سەلماند، هەروەها سوپاسی دەستەی کارگێڕیی و سەرۆکی یانەی هەولێر دەکەم، کە رێگەیان دا ئەو یاریزانانە یاری بۆ ئێمە بکەن».

سەرۆکی یانەی هندرێن روونیدەکاتەوە، خراپیی ئاستی تیپەکەی لە وەرزی ئەمساڵدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، قەیرانی دارایی هۆکاربوو بۆ ئەوەی تەنیا چەند رۆژێک پێش دەستپێکردنی خولەکە، تیپەکەیان کۆبکەنەوە و ئامادەکاری بکەن.

گوتیشی «ئامادەکارییەکی ئەوتۆمان نەکرد، کەمپی مەشقمان ئەنجام نەدا، بۆیە تیپەکە ئەنجامەکانی باش نەبوو، هەرچەندە لە سەرەتادا باش دەرکەوتین و ئەنجامەکانیشمان باش بوو، بەڵام بەهۆی بێ ئامادەکاری، تیپەکە کێشەی توانای جەستەیی و هونەری هەبوو».

حاکم جەمال دان بەوەدا دەنێت، کە ستافی مەشق و یاریزانان کەمتەرخەمنەبوون «ئەوەی کەمتەرخەم بوو، ئێمەبووین وەک دەستەی کارگێڕی، چونکە نەمانتوانی کەمپی مەشق بۆ تیپەکە رێکبخەین و پێداویستییەکانی تیپەکە بە باشی دابین بکەین».

سەبارەت بە ستافی مەشقی تیپەکەی، کە ئایا وەرزی داهاتووش بەردەوامدەبن، سەرۆکی هندرێن ئاشکرایکرد «هێشتا بڕیارمان نەداوە، بەمزووانە کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیی دەکەین و بڕیاردەدەین، هەموو بژاردەیەکیشمان لەبەردەستە».


ئەم وەرزە بەهۆی قەیرانی داراییەوە، خولی نایابی کوردستان بەشێوازی دوو کۆمەڵە و جیاوازتر لە وەرزەکانی رابردوودا بەڕێوەچوو، سەرۆکی یانەی هندرێنیش پێیوایە «بۆ ئەم بارودۆخە خراپەی دارایی لە کوردستان و کەرتی وەرزش بەتایبەتی، یەکێتی تۆپی پێی کوردستان کارێکی باش و گونجاوی کرد بە گۆڕینی سیستمی بەڕێوەچوونی خولەکە، چونکە بەمشێوەیە یانەکان توانیان بەشداربن و خەرجییەکانیشیان کەمتر بێت و بتوانن درێژە بە رکابەریکردن بدەن».

هەروەها گوتی «قەیرانی دارایی زەبرێکی کوشندەی لە بواری وەرزشدا لە کوردستاندا، بەداخەوە ئەو هاوکارییەی پێشتر بۆ وەرزش هەبوو، بەیەکجاری وەستا، بۆیە وەرزش لە خراپترین بارۆدخدایە بە بەراورد لەگەڵ کایەکانی دیکەی ژیان لە کوردستاندا».

سەرۆکی یانەی هندرێن پێیوایە «دەبێت حکومەتی کوردستان هەوڵی چارەسەرکردنی بارودۆخی وەرزش بدات لە رووی داراییەوە و پێویستە حکومەت بەو توانا داراییە سنوردارەی، کە هەیەتی، یارمەتی وەرزش و یانەکان بدات و بارودۆخی وەرزش باشتر بکرێت، چونکە ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت، گەنجان و کۆمەڵگە بە گشتی زەرەرمەند و بێکار دەبن و ناتوانن وەرزش بکەن، رەنگە رووبکەنە دەرەوەی وڵات یان کاری نەشیاو بکەن».



**سەرۆکی یانە:**
**پێویستە حکومەتی کوردستان ئاوڕێک لە وەرزش بداتەوە**



# رۆمانیا و عێراق بەقوربانی زاخۆ دەکات

## ساڵح جابر: ئامادەم بەبێ بەرامبەر هەماهەنگی لەنێوان وەرزشی کوردستان و رۆمانیادا دروست بکەم

**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

ساڵح جابر، یاریزانی یانەی وەرزشیی زاخۆ بە (رووداوی وەرزشی) راگەیاند کە لەبەر خاتری یانەی زاخۆ چەندین گرێبەستی رەتکردووەتەوە کە لەلایەن یانەکانی رۆمانیا و عێراق و عومانەوە پێشکەشی کراون و گوتی «چەندین گرێبەستم لە یانەکانی رۆمانیا و خولی عێراق و عومانیشەوە بۆ هاتووە، بەڵام هەموویان بەقوربانی یانەی زاخۆ دەکەم».

یانەی زاخۆ ماوەی چەند وەرزێکە پشت بە یاریزانانی کوردی شاری زاخۆ و دەرەوەی زاخۆش دەبەستێت لە خولەکانی کوردستان و عێراق، ساڵح جابری یاریزانی پیشەگەری کوردی دانیشتووی وڵاتی رۆمانیاش ماوەی چەند وەرزێکە لە ریزی ئەو یانەیە یاری دەکات، ئێستا ناوبراو کە لەگەڵ خانەوادەکەی لە وڵاتی رۆمانیایە، چەند گرێبەستێکی بۆ هاتووە. لەو بارەوە ساڵح جابر بە (رووداوی وەرزشی) گوت «من ئەمساڵ لەگەڵ یانەی زاخۆ بووم، بۆ ساڵی داهاتووش بەردەوام دەبم لەگەڵ یانەکەی خۆم، هەرچەندە چەند یانەیەک داوای گرێبەستیان لێکردوومە، کە هەندێکیان لە خولی یانەکانی رۆمانیا یاری دەکەن، بەتایبەت هەریەک لە یانەکانی کلۆریا بوزدە و کرایوفا، بەڵام من وەڵامی ئەوانم نەداوەتەوە، چونکە یانەی زاخۆ بەهیچ یانەیەک ناگۆڕمەوە، من هەمیشە بە روح و دڵ لەگەڵ یانەی زاخۆم و ناتوانم دەستبەرداری ئەم یانەیە بم». ئەو یاریزانە گوتیشی «لە وەرزی نوێدا هەوڵدەدەم لە هەردوو خولی کوردستان و عێراق بەهەمان ریتمی ساڵانی پێشوو یاری بکەم».

لە بارەی یانەکانی عێراقیش یاریزانی ناوبراو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «لە چەند یانەیەکی خولی عێراقیش گرێبەستم پێشکەش کرابوو، بەڵام من ماوەیەکی زۆرە یاری بۆ زاخۆ دەکەم، دەمەوێ لەگەڵیدا بەردەوام بم و زیاتر خزمەتی ئەو یانەیە و هاندەرانی یانەکە بکەم، کە ئەوان هەمیشە هاوکارم بوونەو منیش بەردەوام هاوکاری یانەکە بوویمە، لە هێنانی یاریزانی پیشەگەر و راهێنەر و کردنەوەی سەربازگەی مەشقی. هەروەها پەیوەندی بەهێزم لەگەڵ سەرۆکی یانەی زاخۆ هەیە، بۆیە ناتوانم بچمە هیچ یانەیەکی دیکە».

ئەو یاریزانە ئەوەشی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکرا کرد کە لە خولی عومانیشەوە گرێبەستی بۆ هاتووە، بەڵام ئەویشی لەبەر هەمان ئەو هۆکارانەی ئاماژەی بۆ کردن، رەتکردووەتەوە «هەموانم بەقوربانی زاخۆ کرد».

لە بارەی دروستکردنی هەماهەنگیش لەنێوان وەرزشی کوردستان و رۆمانیادا، یاریزانی ناوبراو گوتی «هەر کاتێک بەرپرسانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان داواکاری خۆیان هەبێت بۆ هاوکاری، من لە رۆمانیا ئامادەم بەبێ بەرامبەر خزمەتیان بکەم، لە هەر بوارێکی وەرزشی و لە هەر روویێکەوە بێت، کردنەوەی خول بۆ راهێنەر و ناوبژیوانان بێت، یانە سەربازگەی مەشقی بێت یان هەر شتێکی دیکە».

### سەرۆکە کوردەکەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقیش لادەبات..

# فەیسبووک راهێنەری هەڵبژاردەی عێراقە



سەفین تەها

ماوەی چەند رۆژێکە لە بەغدا خۆپیشاندانەکان لە دژی عەبدولخالق مەسعودی کورد و سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و ئەندامەکانی دیکەی یەکێتییەکە دەستپێکردووەو بە دروشمی «ارحل» داوا دەکەن سەرجەم ئەندامەکان دەستلەکاربکێشنەوە، ئەمە هەموو بەهۆی ئاست و ئەنجامە خراپەکانی هەڵبژاردەی عێراقەوە بوو، لە پاڵاوتنەکانی ئاسیا و مۆندیال، بێگومان هەموو ئەم هاش و هوشە تەنیا چەند پەیجێکی فەیسبووک دروستیانکرد.

پاش یارییەکەی هەڵبژاردەی عێراق و هەڵبژاردەی ڤێتنام، دوای ئەوەی عێراق بە نالاندنەوە سەرکەوتنی بۆ قۆناخی سێیەمی پاڵاوتنەکانی مۆندیال و جامی ئاسیا مسۆگەرکرد، سەعد عەبدولئەمیری ناوەڕاستکاری هەڵبژاردەکە لە دوو لێدوانی تەلەفزیۆنی یەک لەدوای یەکدا با ئاشکرا هاواری دەکرد «چونکە سوپایەکی میدیاییم لە فەیسبووک لەپشتەوە نییە، بۆیە ئەوەندە قسە لەسەر ئاستم دەکرێ».

ئێستا وایلێهاتووە، لە فەیسبووکەوە پێکهاتە بۆ هەڵبژاردەی عێراق دادەندرێ، مانگی رابردوو لە یاری یەکەمدا بەرامبەر تایلاند نور سەبری، یونس مەحموود و عەلی رحێمە لە پێکهاتەی سەرەکی بوون، کەچی دوای هەڵڵایەکی زۆر لە دوو سێ پەیجی گەورەی عێراقییەوە، بۆ یاری دووەم ناوی ئەو سێ یاریزانە و هەندێکی دیکە لە پێکهاتەی سەرەکی بزرکرا، هەر لەسەر داوای ئەوان خێرا پەیوەندی بە یاریزانە پیشەگەرەکانەوە کرا و هەندێکیان هەر وەڵامیشیان نەدانەوە.

با بڵێین ئەوە تەکتیکی راهێنەرە و ئەو یاریزانانەی گۆڕیوە، باشە بۆ باسی ئەوە ناکەن چ هەڵبژاردەیەک لە ماوەی پاڵاوتنێکدا ئەوەندەی راهێنەر گۆڕیوە؟ حەکیم شاکر، رازی شنێیشل، ئەکرەم سەلمان، یەحیا عەلوان و لە کۆتاییشدا عەبدولغەنی شەهد و ئێستا عێراق بێ راهێنەرە، هەمووئەمانە ئەگەر فشاری فەیسبووکەوانەکانی لەسەر نەبووایە پۆستی راهێنەرایەتی هەڵبژاردەکە هەر بەدەست ئەوەی یەکەمەوە «حەکیم شاکر»ەوە دەمایەوە.

فەیسبووکچییەکان هەر سەری یاریزانان و راهێنەرانی عێراقیان نەخواردووە، ئەوە شتێکی زۆر روونە، لە ماوەی داهاتوودا نامەی دەستلەکارکێشانەوە بە عەبدولخالقی کورد و کامل زغەییر و داروودەستەکەیان واژوو دەکەن.

ڕووداو وەرزشی
ژمارە (394) سێشەممە 2016/4/5




## دەبنە مەدریدی

ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا باس لەوە دەکەن کە هەموو خەڵکی وێڵز لە خۆشەویستییان بۆ گاریس بەیڵی ئەستێرەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بوونەتە هاندەری سەرسەختی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی. ئەو ڕۆژنامانە دەڵێن «لە ساڵی 2013ەوە، کە بەیڵ چووەتە مەدرید، هەموو وێلزییەکان بوونەتە هاندەری ئەو یانەیەو هێندەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان بایەخ بە هەواڵ و یارییەکانی ریال مەدرید دەدەن. هەر کاتێ یاری کلاسیکۆ هەبێت چەند ڕۆژێک پێشتر خۆیان بۆ ئەو یارییە ئامادە دەکەن، هێندەی مەدریدییەکان قسەو باس لەسەر ئەو یارییە دەکەن و چاوەڕێ دەکەن بەیڵ ئاستێکی بەرز بەرامبەر بارسێلۆنا پێشکەش بکات».

### لەدوای کلاسیکۆ..

# کلاسیکۆ ڕێژەی تەڵاق و توندوتیژی دژ بە ئافرەت زیاد دەکات



ئا: ڕووداوی وەرزشی

وەک هەموو جارێ یاری کلاسیکۆی ئەمجارەی لالیگا لەنێوان هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ریال مەدرید، کە لەسەر یاریگەی کامپ نو بە 1 ـ 2 بۆ بەرژەوەندی یانەی شاهانە کۆتاییهات، پڕ بوو لە ڕووداو و نهێنی و ژمارە و بەسەرهاتی پێشبینیکرا و پێشبینی نەکراو. (ڕووداوی وەرزشی) بەشێکیان دەخاتەڕوو.

سەرچاوەیەکی نزیک لە ژووری جلگۆڕینی ریال مەدرید ئاشکرایکرد کە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەر داوای لە یاریزانەکانی کردبوو بە بەکارهێنانی توندوتیژی یاریزانانی بارسێلۆنا بترسێنن، بەڵام پێشیگوتبوون «توندوتیژییەکە لە سنووری تۆپی پێ دەرنەچێت».

لە جەزائیر زۆر لە هەوادارانی هەردوو یانەکە هاوسەرەکانیان ناردووەتە ماڵی کەسوکارەکانیان، لە ترسی ئەوەی لە کاتی بەڕێوەچوونی یارییەکەدا ژنەکانیان زۆر قسە بکەن، فشاریان لەسەر زیاد بکەن و لە ئەنجامدا تووڕە ببن و لێیان بدەن یاخود هەر تەڵاق بدرێن، کە پێشتریش زۆرجار ئەو ڕووداوانە ڕوویانداوە.

گرەوکاری لەسەر ئەم کلاسیکۆیە چەندین شێوازی سەیر و جیاوازی بەخۆیەوە بینی، چونکە ئەمجارەیان تەنانەت گرەو لەسەر ئەوە دەکرا، کە کام یاریزان و لە کام خولەکدا گۆڵ تۆماردەکات، کام یاریزان لە کام خولەکدا دەگۆڕدرێت و تەنانەت کام یاریزان تووشی پێکان دەبێت.

بەر لە یارییەکە، زیدانی ڕاهێنەر بۆ جۆشدانی گیانی لەخۆبوردەیی لە یاریزانەکانیدا گرتەیەکی ڤیدیۆیی یاری فیفا 16ی پێشانی یاریزانەکانی دا، کە تێیدا ریال مەدرید بە گۆڵێکی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە بارسێلۆنا دەباتەوە.

ڕێژەی کۆنترۆڵکردنی تۆپ لەلایەن بارسا 66 % بوو، سەبارەت بە ریال مەدریدیش تەنیا 34 % بوو. لەدوایین 10 ساڵدا تێکڕایی ڕێژەی کۆنترۆلکردنی تۆپ لەلایەن یاریزانانی ریال مەدرید لە یارییەکانی کلاسیکۆدا 35 % بووە.

سێکوچکەی BBCی ژمارەی گۆڵەکانی لە کلاسیکۆدا نزیککردەوە لە ژمارەی گۆڵەکانی MSN، کە لەم کلاسیکۆیەدا ڕۆناڵدۆ و بنزیمە بە تۆمارکردنی 2 گۆڵ ژمارەی گۆڵەکانی BBCیان کردە 25 گۆڵ (ڕۆناڵدۆ 16، بنزیمە 8 و گاریس بەیڵ 1). لە کاتێکدا MSN توانیویانە 27 گۆڵ تۆماربکەن (مێسی 21، نەیمار 3 و سوارێز 3).

> «MSN لە کلاسیکۆدا 27 گۆڵ و BBCیش 25 گۆڵی تۆمارکردووە»

هەروەها MSN خاوەنی 16 ئەسیستە لە کلاسیکۆدا (مێسی 13، نەیمار 2 و سوارێز 1). هەرچی BBCیە، خاوەنی 7 ئەسیستە لە کلاسیکۆدا (ڕۆناڵدۆ 1، بنزیمە 5 و گاریس بەیڵ 1).

ڕۆژنامەی مارکای مەدریدی دانی بەوەدانا کە ڕامۆس لە کاتی بەردانەوەی مێسی شایەنی کارتی سوور بوو. جیرارد پیکێش دانی بەوەدانا کە ریال مەدرید شایەنی بردنەوە بوو.

یاریزانانی بارسا لەم کلاسیکۆیەدا 685 پاسیان بەیەکدی دا و ڕێژەی وردی پاسەکانیان 90% بوو. یاریزانانی ریال مەدریدیش خاوەنی 314 پاس بوون، بە ڕێژەی وردیی 80 %.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدرید لە دوایین 9 یاری کلاسیکۆدا 10 گۆڵی کردووەو جیاوازی گۆڵەکانی لە کلاسیکۆدا لەگەڵ لیۆنێل مێسی خاوەنی ژمارەی پێوانەیی لە گۆڵکردن لە کلاسیکۆ بووە تەنیا 5 گۆڵ. کریس 16 گۆڵی هەیەو لیۆش 21 گۆڵ.

لە دوایین 5 کلاسیکۆدا ڕۆناڵدۆ لە 4 یاریدا گۆڵی کردووە، کەچی پێنجەم یاری کلاسیکۆیە بەسەریەکەوە مێسی نەیتوانیوە تۆڕی ریال مەدرید بهەژێنێت.

ڕامۆس کە لەگەڵ ریال مەدرید 21 کارتی سووری وەرگرتووە، تەنیا لە کلاسیکۆدا 4 کارتی سووری وەرگرتووە. ئێستا ئەو خاوەنی 18 کارتی زەردیشە لە کلاسیکۆ. ئەوەندەی نەماوە ریکۆردی فێرناندۆ هیێرۆی کاپتنی پێشووی ریال مەدرید بشکێنێت کە لە یارییەکانی کلاسیکۆدا خاوەنی 19 کارتی زەردە.

لەدوای بێرند شۆستەر، زیدان بووە یەکەم ڕاهێنەر کە یەکەم کلاسیکۆی خۆی لە بارسێلۆنا بباتەوە. هەروەها لە وەتەی 1965ەوە بێجگە لە زیدان هیچ ڕاهێنەرێک نەیتوانیوە لە بارسا بباتەوە، کاتێک بارسا پێشتر گۆڵی لێکردبێت.

> «زیدان داوای لە یاریزانەکانی کردبوو توندوتیژی دژی یاریزانانی بارسا بەکاربێنن»

ژمارەی ئەو کلاسیکۆیانەی ئەندرێس ئینیێستای کاپتنی بارسێلۆنا بەشداری تیایاندا کردووە، گەیشتە 33 یاری، کە ژمارەی پێوانەیی لای چاڤی هێرناندێزەو بریتییە لە 42 کلاسیکۆ.

لەم یارییەدا بارسا دروشمی پاڵەوانی جیهانی لەسەر درێسەکەی لادا، بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەو بە زمانی کەتالۆنی بنووسن «سوپاس کرۆیف».

بووە جاری چوارەم کە بارسا نەتوانێت لە ریال مەدرید بباتەوە، ئەو کاتەی لە ریزبەندا بە 10 خاڵ لەپێش ریال مەدرید بێت.

دوای 23 یاری لەنێو کامپ نودا، ریال مەدرید یەکەم دۆڕانی تووشی بارسا کرد، کە بارسا لەدوایین 22 یاری خۆی لەسەر یاریگەکەی 20 بردنەوەو 2 یەکسانبوونی هەبوو.

دوایین 5 کارتی سوور لە یارییەکانی کلاسیکۆدا هەموویان بۆ یاریزانانی ریال مەدرید بووە.

ڕۆناڵدۆ بووە سێیەم یاریزان کە زۆرترین گۆڵی کلاسیکۆ لە دەرەوەی یاریگەی خۆی تۆمار بکات، کە 10 گۆڵە لەدوای هەریەک لە خینتۆ، کە 11 گۆڵ و مێسی 12 گۆڵی تۆمارکردووە.

# مێسی و ڕۆناڵدۆ بایکۆتی کلاسیکۆ دەکەن




ئا: ڕووداوی وەرزشی

ئەمساڵ وا ڕێککەوت، کلاسیکۆی زەوی ڕۆژێک دوای ڕۆژی درۆی نیسان، ئەنجام بدرێت، کە ڕۆژی 1ی نیسان بە ڕۆژی جیهانی درۆ دەناسرێت و خەڵکێکی زۆر لە هەموو جیهاندا لەو ڕۆژەدا سەرقاڵی درۆکردنن، بۆیە لە ئەوروپا بەتایبەتیش لە ئیسپانیا خەڵکێکی زۆر لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە ئەو ڕۆژەیان قۆستەوەو هەوادارانی هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ریال مەدریدیان تۆشی شۆک و دڵەڕاوکێ کرد.

ئەمانە هەندێک لەو درۆیانەن کە زۆرترین مەترسیان خستە دڵی خەڵکەوە:

لەو ڕۆژەدا زۆرترین درۆ لەبارەی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی بارساوە کران. کە لە یەکێکیاندا هاتبوو «مێسی بە 500 ملیۆن یۆرۆ ڕازی بووە بچێتە ریزەکانی ریال مەدرید». هەروەها درۆیەکی دیکە، بەمشێوەیە داڕێژرا بوو «مێسی لەگەڵ بەرپرسانی بارسا بەشەڕ هاتووەو بڕیاریداوە لە ڕقی ئەوان بچێتە ریزەکانی مانچستەر سیتی. مووچەی هەفتانەشی 800 هەزار یۆرۆ دەبێت».

ئەوەی هەوادارانی بارسای زۆر ترساند ئەوەبوو کە بە درۆ هەواڵێک لە سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە، کە تێیدا هاتبوو «مێسی ناتوانێت بەشداری لە یاری کلاسیکۆدا بکات، چونکە لە دوایین یەکەی مەشقیدا تووشی پێکانێکی قورس بووە».

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی ریال مەدریدیش بووە ئامانجی ئەوانەی زۆر بایەخ بە درۆی نیسان دەدەن و بە درۆیەک کە زۆرترین سەدای لە شۆشیال میدیا هەبوو، دڵی زۆر لە مەدریدییەکان خەریکبوو بوەستێت. هەواڵەکە بەمشێوەیە بوو «ڕۆناڵدۆ لەگەڵ هاوڕێکانی بەشەڕ هاتووە، بە تووڕەیی ڕۆیشتووەو بەڵێنی داوە بەشداری لە یاری کلاسیکۆدا نەکات».

درۆیەکی دیکەی نیسان، کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە، ئەوەندە نەمابوو بەهۆیەوە زۆر لەوانەی بۆ بینینی یارییەکە سەفەری هەرێمی کەتالۆنیایان کردبوو، بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، چونکە هەواڵێکی هەڵبەستراو بڵاوکرایەوە گوایە یارییەکە لەبەر چەند هۆکارێکی نادیار دواخراوە، تەنانەت هەندێک لەوانەی هێشتا لە وڵاتانی دیکەوە بۆ شاری بارسێلۆنا گەشتیان نەکردبوو، بەنیاز بوون گەشتەکانیان هەڵبوەشێننەوە. هەروەها خاوەن هۆتێلەکانیش زۆر نیگەران بوون، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەو هەواڵەش درۆی نیسانە.

لە هەموو ئەمانە خراپتر، کە هەمووانی تۆقاند، ئەو درۆیە بوو، کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوکرایەوە گوایە زانیاری ورد دەست لایەنە ئەمنییەکان کەوتووە لەبارەی ئەوەی تیرۆریستان پلانیان داناوە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی تیرۆریستی لەناو یاریگەی کامپ نو لە کاتی بەڕێوەچوونی یاری کلاسیکۆ.





## ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com



**راستە**

دوای ئەوەی هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنی بەریتانیا ئاشکرایانکرد کە رۆی هۆدسونی راهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بیر لەوە دەکاتەوە جۆن تێری کاپتنی یانەی چێلسی بگەڕێنێتەوە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بۆ بەشداریکردن لە یۆرۆی 2016، سەرچاوەیەکی نزیک لە هۆدسون ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو گوتی «راستە، هۆدسون بەجدی بیر لە گەڕاندنەوەی تێری دەکات بۆ هەڵبژاردەی سێ شێرەکان، ئەو پێیوایە تیپەکەی کێشەی لە هێڵی بەرگری هەیەو بە تێری چارەسەر دەبێت، بۆیە هەوڵدەدات ئەو بەرگریکارە رازی بکات بگەڕێتەوە».



# پرێمەرلیگ لە مەترسیدایە

**رووداوی وەرزشی ـ BBC**

تۆڕی هەواڵی BBC توێژینەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا دووپاتی دەکاتەوە، (برێکسێت) یان ئەو دەستەواژەیەی ئاماژە بە دەرچوونی شانشینی یەکگرتوو لەنێو بۆتەی یەکێتی ئەوروپا دەکات، دەبێتە هۆی هەڵگێڕانەوەی چارەنووسی تۆپی پێی ئینگلیزی سەر بەرەو خوار.

دەرچوونی شانشینی یەکگرتوو لە یەکێتی ئەوروپا مانای وایە زیاتر لە 400 لەو یاریزانانەی لە خولەکانی تۆپی پێی لە ئینگلتەرا، سکۆتلەندا، وێڵز و ئێرلەندای باکوور یاری دەکەن، مافی ئەوەیان نابێت لەنێو شانشینی یەکگرتوودا یاری بکەن. لە بەرامبەردا هەندێ دەنگ باوەڕیان وایە ئەو دەرچوونە پێشبینیکراوە، کە لە گشتپرسی رۆژی 2016/6/23 یەکلایی دەبێتەوە، بۆی هەیە دەرفەت بۆ نەوەیەکی تازەی یاریزانانی بەریتانی سەرکەوتوو بڕەخسێنێت.

راشیل ئەندرسۆن بریکاری یاریزانان لە لێدوانێکدا بۆ BBC گوتی "دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا کاریگەری گەورەتری لەسەر ئاستی تۆپی پێ دەبێت، لەوەی کە هەندێ کەس گومانیان بۆی دەچێت. ئێمە باسی ئەوە دەکەین نیوەی زیاتری یاریزانانی پرێمەرلیگ پێویستیان بە رێگەپێدانی کارکردن دەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن یاری بکەن". هەروەها گوتی "کاریگەرییەکانی بۆ ماوەیەکی نزیک گەورەتر دەبن، بەڵام هەندێک پێیانوایە لەوانەیە شتەکە بۆ ماوەیەکی دوور ئەرێنی بێت، چونکە یانەکان ناچار دەکات چاو بخەنە سەر یاریزانە خۆماڵییەکان".

سەبارەت بەو یاریزانانەی کە پاسەپۆرتی ئەورووپیان هەیە، هیچ کێشەیەکیان نابێت، بەڵام ئەوانەی ئەو پاسەپۆرتەیان نیە، دەبێت کارتی رێگەپێدانی کارکردن لە وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا دەربکەن. یاساکانی رابیتەی خولی ئینگلتەرا ئەوە بەسەر یاریزانانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا دەسەپێنێت، کە دەبێت کارتی رێگەپێدانی کارکردن دەربکەن، ئەگەر یاریزانەکەش رێژەی 75% کۆی بەشداریکردنە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لەدوایین دوو ساڵ تێپەڕاند، بەمەرجێک هەڵبژاردەکەی لەنێو 70 باشترین هەڵبژاردەکانی جیهان بێت، کارتی رێگەپێدانی کارکردنی پێدەدرێت. ئەگەر نەتوانێت ئەو مەرجانە بەدەستبێنێت، دەبێت یاریزانەکە خاوەن توانایەکی تایبەت بێت بۆ ئەوەی بتوانێت لە پرێمەرلیگ یاری بکات.

بە گوێرەی ئەو توێژینەوەیە بێت، بڕیاری دەرچوون لە یەکێتی ئەوروپا کاریگەری بەسەر 100 یاریزان لە پرێمەرلیگ دەبێت، لەو کاتەی هەندێک یانە نزیکەی 11 یاریزانی کاریگەریان لەدەستدەدەن، وەک ئەستۆن ڤێلا، نیوکاسڵ یونایتد و واتفۆرد.

## داوادەکرێت دۆنگادەربکرێت..

# "بەرازیل ناچێتە مۆندیال"

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

بەرازیلییەکان ترسی ئەوەیان لێنیشتووە هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان نەتوانێت لە پاڵاوتنەکاندا سەرکەوتوو بێت و بلیتێکی مۆندیال بەدەستبێنێت. دوو کۆمپانیای سپۆنسەری هەڵبژاردەکەش هۆشداری دەدەن و دەڵێن «ئەگەر کارلۆس دۆنگای راهێنەر دەرنەکرێت، هەڵبژاردەی سامبا ناگاتە مۆندیال».

هەڵبژاردەی بەرازیل لەژێر سەرپەرشتی کارلۆس دۆنگا بە ماوەیەکی خراپدا گوزەر دەکات لەسەر ئاستی ئەنجامەکان، دوای دوو یەکسانبوونی لەدوای یەک بەرامبەر هەڵبژاردەکانی ئۆرۆگوای و پاراگوای لە هەردوو گەڕی 5 و 6، لە یارییەکانی پاڵاوتنی ئەمریکای باشوور بۆ گەیشتن بە مۆندیالی رووسیا 2018.

بە گوێرەی رۆژنامەی لانسی بەرازیلی، دوو کۆمپانیای سپۆنسەرکاری یەکێتی تۆپی پێی بەرازیل داوایان لە سەرۆکی یەکێتییەکە، مارکۆ دل نیرۆ کردووە، راهێنەر کارلۆس دۆنگا لە پۆستەکەی دووربخاتەوە، لە ترسی نەگەیشتنی بەرازیل بە مۆندیال بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا.

هەڵبژاردەی بەرازیل ئێستا لە کۆی 10 تیپ، بە کۆکردنەوەی تەنیا 9 خاڵ، لە 6 یاریدا پلەی 6 لە ریزبەندەکەدا گرتووە، کە خاوەنی دوو بردنەوە و 3 یەکسانبوون و یەک دۆڕانە، کە هەرگیز ئەو هەڵبژاردەیەی 5 نازناوی مۆندیالی هەیە، لە مێژووی خۆیدا ئەم ئەنجامە خراپانەی نەبووە، لە کاتێکدا هەڵبژاردەی ئۆرۆگوای بە کۆکردنەوەی 13 خاڵ لە پلەی یەکەمە، بە جیاوازی گۆڵ لەگەڵ هەڵبژاردەی

## دەیانەوێ نیشانەی کاپتنی لێیوەربگرنەوە..

# نەیمار شایەنی سەرکردایەتی

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

کارلۆس دۆنگا، راهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل و یاریدەدەرەکانی بیر لەوە دەکەنەوە، نیشانەی کاپتنی لە نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی یەکەمی ئەو هەڵبژاردەیە بستێنێتەوە، چونکە پێیانوایە ئەو یاریزانە سەلماندی کە شایەن نییە بۆ لەئەستۆ گرتنی ئەو ئەرکە.

ئەندامانی دەستەی هونەری هەڵبژاردەی بەرازیل بە سەرۆکایەتی کارلۆس دۆنگای راهێنەر، بیر لەوە دەکەنەوە نیشانەی کاپتنی لە ئەستێرەی بارسیلۆنا وەرگرنەوە، ئەوەش بەهۆی ئامادەنەبوونی بەردەوامی لە یارییەکان لەو ماوەی دواییدا، بەهۆی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر کارتی زەردەوە، کە بەردەوام شەڕ لەگەڵ یاریزانانی تیپی بەرامبەر و ناوبژیوانان دەکات و زۆرجاریش بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە مامەڵە لەگەڵ یاریزانانی تیپی بەرامبەر دەکات.

نەیمار بەشداری لە یاری هەڵبژاردەکەی بەرامبەر پاراگوای نەکرد، لە گەڕی 6ی پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکانی مۆندیالی رووسیا 2018، کە بەئەنجامی 2 ـ 2 گۆڵ کۆتایی هات، ئەوەش بەهۆی کۆبوونەوەی کارتە زەردەکان لەسەری، دوای وەرگرتنی کارتی زەرد لە یاری بەرامبەر ئۆرۆگوای لە گەڕی پێشووتردا، بەمەش بەرازیل بۆ پلەی شەشەمی ریزبەندی پاڵاوتنەکان گەڕایەوە بە کۆکردنەوەی 9 خاڵ.

راگەیاندنی بەرازیل، نەیماری بە خۆدزینەوە لە یاری پاراگوای تۆمەتبار کرد، بۆ ئەوەی بتوانێت بەشداری یاری کلاسیکۆ بەرامبەر ریال مەدرید بکات لە لیگادا.

هێرشەکە هەر ئەوەندە نەبوو، بەڵکو گەیشتە حاڵەتی شەڕکردنی بەردەوامی لەگەڵ یاریزانانی تیپی بەرامبەر، کە دواترینیان ئەوەی لە یاری ئۆرۆگوای ... بارسا، لویس ... رووی دابا.



## له‌ پشت په‌رده‌وه‌

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### لیۆنێل مێسی

تەواوی بەسەرهاتەکانی ژیانی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە چەند ئەڵقەیەکدا دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی (رووداوی وەرزشی):

### ئەو رۆژەی پایسکیل لە مێسی دەدات

لە 1987/6/24، لە سایەی قەیرانێکی ئابووری سیاسی کە بەرۆکی ئەرجەنتینی گرتبوو، دوای نزیکەی ساڵێک لەبەرزکردنەوەی جامی مۆندیال لەلایەن مارادۆناوە، لیۆنێل ئەندرێس مێسی لەدایکبوو، بەڵام هاتنی بۆ دنیا ئەوەندە بەئاسانی نەبوو. خێزانەکەی زۆر نیگەران بوون، چونکە پزیشکان پێیان راگەیاندبوون، لەوانەیە پێویستی بە لەدایکبوون بەشێوازی هەڵمژین بێت لە رێگەی گیرەی پزیشکییەوە، ئەوەش لەوانەبوو ببێتە هۆکاری مردنی کۆرپەلەکە، بەڵام لە بەخت باشی ئەوە روویندا. نیگەرانییەکە تەنیا بەهۆی گۆڕانی نائاسایی رەنگی پێستی منداڵەکە بوو، لەگەڵ چەمانەوەی گوێچکەی، پزیشکی شارەزا ئۆربرتۆ ئۆدیتۆ بە خێزانەکەی گوت «دوای چەند رۆژێک ئەو چەمانەوەیە نامێنێت»، هەرواش دەرچوو.

کوڕی سێیەمی خۆرخێ مێسی و سیلیا کۆچیتینی هەر لە منداڵییەوە دەریخست جیاوازە، بۆ نا؟ شتەکە تەنیا ئەوەندە نییە بە 9 مانگی بەسەرپێ کەوتووە، بەڵکو لەگەڵ دوو براکەی بەردەوام و لەهەموو شوێنێکی ماڵەکەیان لە شاری رۆساریۆ بەدوای تۆپەوە بوو. هەر ئەوەندە نا بەڵکو دەیویزا بچێتە سەر شەقامیش، چونکە دەرگای ماڵەکەیان بەردەوام کراوە بوو. رۆژێکیان پایسکیلێک بەویدا تێپەڕی و لێیدا، زۆر گریا بەڵام هیچی لێنەهات، قۆڵی کەمێک ئەستوور بوو، ئەوە رووداوەش چەند رۆژێک پێش یادی یەکەم ساڵی تەمەنی بوو، کە درێسی نیویۆلز ئۆڵد بۆیزی پێدرا، دواتر بە 2 ساڵ و لە یادی سێیەم ساڵی تەمەنی یەکەم تۆپی تایبەت بەخۆی پێدرا.

مێسی تەمەنی بووە چوار ساڵان کە دەستی بە چوونە دەرەوەو یاریکردن بە تۆپ لەسەر شەقامەکان کرد لەگەڵ خزمەکانی، مێسی لەمبارەوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ گۆڤاری سوهۆی کۆلۆمبی دەڵێت «دایکم لێدەگەڕا بچمە دەرەوە یاری بە تۆپ بکەم، بەڵام من لە هەموویان بچووکتر بووم، بۆیە بەردەوام لە دوورەوە چاودێری دەکردم». لیۆ بەردەوام کە دەنووست تۆپ لە باوەشی یان لەنێو هەردوو قاچی بوو. ئەو کات زۆر بەباشی دەنووست، ئەگەر یەکێک بیویستبا دەست لە تۆپەکەی بدات هەستی بە نیگەرانی دەکرد، تۆپ بۆ ئەو وەک نان وابوو، دەبێت لەهەموو ژەمێکدا هەبێت. کاتێک دایکی بۆ شتێک دەینارد، دەبوو تۆپەکەی لەگەڵ بایەو مەرجەکەی روون و ناسراو بوو «ئەگەر دایکم رێگەی پێنەدابام تۆپەکە لەگەڵ خۆم ببەم، نەدەچووم». هەندێجار رازی دەبوو، بەڵام چارەیەکی دەدۆزییەوەو تۆپێکی لە جانتا یان گۆرەوی یان هەرشتێک با دروستدەکرد. خۆرخێ باوکی باسی ئەو ساتە دەکات کە هەموو خەڵکی هەستیان بە بەهرەیی لیۆ کردو دەڵێت «لەگەڵ هەموو کوڕەکانم لەسەر شەقام یاریم دەکرد، رۆدریگزی کوڕم تۆپەکەی دابووە پێشەخۆی، لیۆ لە ناوەڕاستەوە بەدوای کەوتبوو، لەناکاو قاچی درێژکردو تۆپەکەی لێوەگرت، هەمووومان سەرمان سوڕماو سەیری یەکدیمان کرد، کەس پێی نەگوتبوو چۆن ئەمە بکات، هەڵسوکەوتێکی سروشتی خۆی بوو». هەروەها دەڵێت «کە تەمەنی 4 ساڵان بوو هەموو کۆک بوون لەسەر ئەوەی کەسێکی جیاوازە، جوولەی وایدەکرد لە تەمەنی خۆی گەورەتر بوو، کە دەشنووست دەبوو تۆپ لەنێو قاچەکانی بێت، باوەڕمان نەدەکرد، کەمێک گەورەتر بوو لەگەڵ ئەو منداڵانە یاری دەکردن کە بە 5 ساڵ و 7 ساڵ لە خۆی گەورەتر بوون، بەڵام دەیتوانی یاری بە هەموان بکات، ئەوە بەهرەیە، شتێکە لەگەڵی لەدایکبووە».

لیۆ ئەو منداڵە نەبوو، کە بەردەوام بچووکترین بێت لەنێو هەمووان، لە هەموویان بەهرەمەندتر بوو، هەرگیز حەزی لە دۆڕان نەدەکرد، نەوەک تەنیا لە تۆپی پێ، لە هەموو شتێک، سیلیای دایکی دەڵێت «کە بە کاخەز یارییمان دەکرد، ئەگەر بیدۆڕاندبا هەمووی پەرت دەکرد، کەسایەتیەکی زۆر بەهێزی هەیە، وابزانم ئەو شتەی لە من و باوکی وەگرتووە».

مێسی خۆی دان بەوە دەنێت و لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی گرافیکۆ دەڵێت «جارێکیان لەگەڵ ئامۆزایەکم لە ماڵی خۆیان بەشەڕ هاتم لەسەر یاری، داپیرەشم لەوێ بوو، هەموویان لە دژی من بوون و بە دەرکردن لە ماڵەوە سزایان دام، منیش دەستم بە بەردهاویشتن کرد بۆ دەرگا و شەق لێدانی کرد».




## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



هەر کاتێ مێسی یاری بۆ بارسێلۆنا نەکات، نەیمار جێگەی ئەو پڕدەکاتەوە، بەڵام کاتێک رۆناڵدۆ یاری بۆ ریال مەدرید نەکات، کەس نییە بۆشایی ئەو پڕ بکاتەوە

جۆسێپ پیدرۆل

(رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیسپانی)



لە راستیدا ئەگەر خۆم بە مێسی و رۆناڵدۆ بەراورد بکەم، دەبێ خۆم بە یاریزانی یەدەگ یان تەنانەت یاریزانی تیپی دووەم بزانم

رائوول گۆنزالیس

(کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا)



کارەساتە ئەگەر رۆژێک مۆرینیۆ ببێتەوە راهێنەری ریال مەدرید، چونکە دووبارە شەڕ و کۆنگرە رۆژنامەنووسییە بێتامەکانی ئەو بێزارمان دەکەنەوە

رامۆن کالدیرۆن

(سەرۆکی پێشووی ریال مەدرید)



هەر کەسێ ئامادەی یاری کلاسیکۆی ئەرجەنتین ببێت، بە ئاسانی ئەو راستییە دەزانێت کە کلاسیکۆی ئیسپانیا باشترین و گەورەترین کلاسیکۆ نییە لە جیهاندا

دییێگۆ مارادۆنا

(ئەفسانەی تۆپی پێی ئەرجەنتین)



لە راستیدا ئەلڤارۆ ئەربیلوا دەتوانێت خەڵاتی باڵۆن دۆر بباتەوە، بەڵام بێگومان ئەو کاتەی هەموو یاریزانانی دیکە دەمرن

ئەلڤارۆ ئەربیلوا


(بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید)



ئەوەی نویەر ئێستا دەیکات من هێش... لە پارما بووم کە دەمکرد، نویەر نییە لەگە... هاوڕێکانی بەشداری لە دروستکردنی هێرش... دەکات، بەڵکو گۆڵپارێزەکانی بارسێلۆنا ئە... کارە دەکەن

جیانلویجی بۆفۆ...

گۆڵپارێزی یانەی یوڤانتۆس...



## 250 ملیۆن

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەوانی، یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی بەهۆی 3 هەڵەی ئیداری بڕی 250 ملیۆن یۆرۆی لەدەستچووە، کە ئێستا بەدەســت قەیرانی داراییەوە دەناڵێنێت. وەک ئەو راپۆرتە باســیدەکات، بییێر ئۆبامیانگی یاریزانی گابۆنی یاریزانی ئەو یانەیە بوو، بەڵام هیچ بایەخی پێنەدا، کە ئێستا نرخەکەی 70 ملیۆن یۆرۆیە. هەروەها رازی نەبوو ئەلیکساندەر پاتۆی بەرازیلیش بە 60 ملیۆن یۆرۆ بداتە چێڵسی، تاوەکو دواتر بە 15 ملیۆن یۆرۆ فرۆشتی، هەروەها ئامادە نەبوو گاریس بەیڵی وێلزی بە 5 ملیۆن یۆرۆ بکڕێت، تاوەکو تۆتنهام بە 100 ملیۆن یۆرۆ بە ریال مەدریدی فرۆشت.



رێبوار محەممەد

# ماچ لە مەدرید.. فیشەک لە هەولێر

کلاسـیکۆ بـە مـاچ لـە مەدرید و تەقـە لـە هەولێـر کۆتاییهـات، بـە بـاوەش بەیەکداکردن لە بارسـێلۆنا و توڕەیی لە هەولێر کۆتاییهات، هاندەرە مەدریدییەکانی ئیسپانیا تێر یەکتریان لەباوەشکردو راموسی و تێر سەمایان بۆ سەرکەوتنی یانەکەیان کرد، هاندەرە مەدریدییەکانی هەولێریش کەمتەرخەم نەبوون لە دەبە هاویشتن و بەردەفڕکانێ و جنێو باران.

هاندەرە کەتەلۆنییەکانی بارسـێلۆنا بەتوڕەیـی، خەم و حەسـرەتەوە بەڵام بـە هێمنـی یاریگەیان بەجێهێشـت و ئەوانەشی لە ئیسکان هاندەری بارسێلۆنا بـوون، بەشـداربوون لە دروسـتکردنی تراجیدیایەک کە بۆنی توڕەیی و خوێن و پەلاماری لێدەهات.

ئەوان لەوێ یارییان کرد، ئێمە لێرە خۆمان شەلاڵی خوێنکرد، ئەوان لەوێ بردیانــەوە و دۆڕان، ئێمە لێرە ســەری یەکترمان شکاند و پەلاماری یەکترماندا، ئەوان شــەویان پڕی مــاچ و موحیبەت و خۆشــی کرد، ئێمەش ئاسمانمان بە فیشــەکە شــێتەکانمان کردە دەنووکی کەو، ئەوە ئێمەین و ئەوەش ئەوانن.

ئەوان کلاسیکۆیان داناوە بۆ ئەوەی رکابــەری بکەن، مەیدانی یەکســان بۆ یەکتری بخولقێنن و لە کۆتاییدا یەکێک براوە و یەکێک دۆڕاو بێت و هەردوولاش بە تەبایی ماڵئاوایی بکەن، ئێمە سەیری کلاسیکۆکەی ئەوان دەکەین بۆ ئەوەی بردنــەوە و دۆڕانەکانــی ئــەوان قبــوڵ نەکەین و پەلاماری یەکتری بدەین.

ئــەوان دوو یانــەن، نوێنــەری دوو کولتوور، دوو نەتەوە، دوو بیروبۆچوون و دوو وڵاتــی جیــا دەکــەن، بردنەوەی هەریەکەیان هەزاران مانای سیاســی و وەرزشــی هەیە. ئێمە یــەک نەتەوەین، خاوەنی خاکێکی هاوبەشـین، سـەدان سـاڵە دوژمن شەق شـەقێنمان لەسەر خاکەکـەی خۆمـان پێـدەکات، کەچی کـە ئەوان لەوێ دەبەنەوە یان دەدۆڕێن خۆمان یەکتری شەق تڕێن دەکەین.

ئــەوە ئێمەیــن و ئــەوەش ئەوانــن، ئێمــە شــانازی بەبەتاڵییەکانی خۆمان و شــەڕ و شــۆڕەکانی مێژووی خۆمان و پەلاماردانەکانی یەکترییەوە دەکەین، خۆمان بە ســووپەرمانی مێژوو دەزانین و بــە کەپــت و ســەرکوتکردنەکانمان دڵخۆشــین و پێمــان وانییــە کەس لە ئێمە عاقڵتر بێت لە مێژوودا، ئەوانیش شارستانییەتێک بونیاد دەنێن پڕیەتی لــە ئازادی و هەر ئەو ئازادییەش ئەگەر ئێمــە و مانان و خەڵکانــی ناوچەکەی ئێمــە نەچــن تێکــی بــدەن، هەرگیــز تێکناچێت.

ئــەوە ئێمەیــن و ئــەوەش ئــەوان، ئێمە تەماشاچی کلاسیکۆین و سەیری یاری دەکەین، ئەوان کلاســیکۆ دەکەن و یــاری دەکەن، بەڵام ئەوان شــوێنێک بــۆ توندوتیژی لە ناخیانــدا نادۆزنەوە، ئێمــەش دەمانــەوێ هەرچــی کەپت و خەم و خەفتی ناخمان هەیە بەیەکتری و شــەقام و کــۆڵان و عەرەبانەکانــی ئیسکانی دەرببڕین.

ئێمە چیدەکەین و ئەوان چیدەکەن، کــەس نەڵێ ئەوە یارییە و شــتی وای تێدا روودەدات، ئەو گەنجانەی ئامادەن لەســەر گۆڵێکــی مێســی و رۆناڵــدۆ وڵاتێــک بســووتێنن و پەلاماری هەموو شــتێک بدەن، زۆر ئاســاییە ســبەینێ بیانوویەکیان بۆ ئەوەش هەیە، پەلاماری ماڵ و حاڵی هەریەکێکمان بدەن.

ئــەوەی روویــدا لــە وێرانکــردن و شــێواندن، لــە تەقەکــردن و تۆقاندن، ئامــاژەی مەترســیداری داهاتــووە، ئــەوە دەســەڵات و پــەروەردە و رێنوێنیکەری گەنجەکان و هەمووان لێی بەرپرسیارن، ئەگەر ئەمڕۆ بە پەروردە و هۆشیارکردنەوە بەری پێنەگرن، سبەی زۆر گەورەتر دەبێت.. ئاگر کە کەوتەوە دەتوانێ هەموو پەزێک بسووتێنێت.

وەک راهێنەریش لە یەکەم یاریدا کارتی سووری وەرگرت..

# 47 کارتی سووری وەرگرتووە



رووداوی وەرزشی ـ THE SUN

رووداوی وەرزشی ـئەو یاریزانەی خاوەنی زۆرترین کارتی سوورە لەنێو یاریگەکانی تۆپی پێ، خەریکە وەک راهێنەریش ئەو ریکۆردە دەشکێنێت و لە یەکەم یاریدا وەک راهێنەر یەکەم کارتی سووری وەرگرت.

رۆژنامــەی THE SUNی بەریتانی رایگەیاند، جیراردۆ بیدویا، یاریزانی کۆلۆمبی، کە بەمدواییە وازی لە یاریکردن هێناوەو بووەتە راهێنەری یانەی ئیندپندێنتی سانتا، هــەر لە یەکەم یاریدا وەک راهێنەر کارتی ســووری بــە روویدا بەرزکرایەوە. بەڵام ئەم رووداوە بەلای چاودێرانەوە هیچ جێگەی سەرسوڕمان نەبوو، چونکە ئەو کۆنە یاریزانە خاوەنــی ژمارەی پێوانەییە لە مێژووی تۆپــی پێی جیهاندا، لە رووی وەرگرتنی کارتی سوور، کە وەک یاریزان 46 کارتی سووری وەرگرتووەو ئەم کارتە سوورەی دەبێتە ژمارە 47 لــە مێــژووی خۆیدا. جیراردۆ بیدویا، کە تەمەنی 40 ســاڵە و 90 یاری وەک یاریزان بــۆ ئــەو یانەیە کــردووە، وەک راهێنەر نەیتوانی 20 خولەک کۆنترۆڵــی خۆی بکات و لە خولەکی 20ی یەکەم یاری خۆیدا لەگەڵ یانەکەی، ناوبژیوانی یارییەکەی ناچارکرد بە کارتی سوور لە یاریگە دەریبکات. جیراردۆ بیدویا، کەسێکی ناسراوە لە وڵاتەکەی، بەهۆی ئەوەی لەگــەڵ هەڵبــژاردەی کۆلۆمبیا نازناوی کۆپا ئەمریکای ســاڵی 2001 بردووەتەوە، بەڵام بە توندوتیژترین یاریزان لە مێژووی یاریگەکانی تۆپی پێی جیهاندا دادەنرێت و پێدەچێت ببێتە توندوتیژترین راهێنەریش لە مێژووی ئەو یارییەدا.

## پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

نێچیر ئەحمەد لە بەستۆرە

بە لێدوانی:

( مێسی بووە بە ماسی )

## LOTTO 2

### چل و هەشتەمین پێشبڕکێ

ژمارە (394) سێشەممە 2016/4/5

شــەش کۆبۆنی یەک بــەدوای یەک، واتا هی شــەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشــی)ت لێکڕیــوە، بــەو جــۆرە لەتیروپشــکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەفزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net – 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە